# دەسەڵاتدارانی کوردستان و دوو ڕوویی لە سیاسەتدا

**پارێزەر : هێمن مەلا ئەمین – هەولێر**

سیاسەت مەدارانی وڵاتی ئێمە ، کاری سیاسەت ناکەن ، ئەو سیاسەتەی کە خەڵکی هەموو دونیا ڕۆژانە ماەڵەی لەگەڵ دەکەن ، بەڵکو لێرە ناو نراوە سیاسەت ، یاخود تەنیا توێکڵە و کاکەڵە و ناوەرۆکی نیە ، کارێکە بۆ مانەوە لە کورسی و دەسەلآتدا ..

لە تەنیا دوو نمونەدا و لە کورستاندا ، ماوەیەکە لە هەرێمی کوردستان – بەشی زەردی ، رك و رگ کراوە لەسەر ئەوەی کە ئالآی عێراق هەڵ نەدرێت چونکە ئەو ئالآیە ئەوە بوو کە ئەنفالی پێکرا و کیمیایی بەسەر هەڵە بجە و شوێنەکانی تری کوردستاندا کرد ، ئەوە هەڵوێستێکی جوامێرانەیە ، بەلآم لە هەمان کاتدا لە هەرێمی کوردستان – بەشی سەوز ، وەك بڵێی لەو لایەوە کیمیایی نەرژا بێت وەیاخود لە ژێر سایەی ئەو ئالآیەدا ئەنفالی کورد نەکرابێت ، ئالآی عێراق ئەشەکێتەوە ، سەیرتر لەوەدایە لە ٣١ ئابیشدا و لە سات و کاتانێکی تریشدا لەم لایش هەڵئەدرا کەچی ئەو کاتەیش لە دوای کیمیایی و ئەنفال کردنی کوردەوە بوو ، تۆ بڵێی ئایا دەسەلآتدارانی زەرد تا ئەو ساتەیش نەیانزانیبێت کە لە ژێر ئەو ئالآیەدا کیمیایی رژێنرا و ئەنفال و قرکردنی کورد کرا ..

هەروەها هەڵوێست بەرامبەر تورکیا ، کە رۆژانە ئەبیستین چەندە و چۆنە و خوێنی هەموو کوردی لەسەر ئەرێژین لەسەر ئەوەی کە یەك سەربازی تورکی بە ئالآیەکی تورکەوە قاچی بخاتە سەر زەوی کوردستان ، لە هەمان کاتدا بۆ رازی کردنی دڵی گۆرانیبێژێك سەرجەم ئەو هەڵوێستە نەتەوەییانە وەلا دەنێین و لە هۆتێل شیراتۆن کە ئێستە وەك وەزارەتی خارجی هەرێمی کوردستان – زەرد وایە و رۆژانە پێشوازی میوانانی دەرەوە و زۆربەی کۆرو سیمینارەکانی ئیدارەی ئەولا لەوێ دەکرێ ، زۆر بە خۆشحاڵیەوە ئالآی تورکیای بۆ بەرز دەکەنەوە ..

سەیرم لەوە دێت زۆرێك لە نوسەران ، وە یاخود جوانترە بڵێین قەڵەم بە دەستی دەست لە پشتانی دەسەلآت ، وەك تەسبیحی قەزوانی کوردی ئەم هەڵوێستانە بۆ دەسەلآتداران دەهۆننەوە و جەماوەری پێ چەواشە دەکەن ..